**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣١

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی و یەک

---

چاپی یەکەم/سالّی ٢٠٠٢

# پێرست :


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره پازده ـ دوو شه‌ممه ٢٠٠٢/٥/١٣ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره شازده ـ یه‌ک شه‌ممه ٢٠٠٢/٥/١٩ ل٥٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره حه‌ڤده ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٥/٢١ ل٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره حه‌ڤده ـ چوار شه‌ممه ٢٠٠٢/٥/٢٢ ل٧٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره هه‌ژده ـ دووشه‌ممه ٢٠٠٢/٥/٢٧ ل١١٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره نۆزده ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٥/٢٨ ل ١٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/٤ ل١٩٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست و یه‌ک ـ چوار شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/٥ ل٢٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست و دوو ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/١٨ ل٢٧٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست وسێ ـ چوار شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/١٩ ل٣٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست وچوار ـ دووشه‌ممه ٢٠٠٢/٦/٢٤ ل٣٤٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست وپێنج ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/٢٥ ل٣٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژماره بیست وشه‌ش ـ یه‌ک شه‌ممه ٢٠٠٢/٦/٣٠ ل٤٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژماره یه‌ک ـ شه‌ممه ٢٠٠٢/٨/١٠ ل٤٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژماره یه‌ک ـ دووشه‌ممه ٢٠٠٢/٨/١٢ ل٤٦٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژماره دوو ـ سێ شه‌ممه ٢٠٠٢/٨/١٣ ل٤٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژماره سێ ـ پێنج شه‌ممه ٢٠٠٢/١٠/٣ ل٥١١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە((١))ی نائاسایی

دووشەممە رێکەوتی ١٢/٨/٢٠٠٢

*کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی١٢/٨/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێزفرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی نائاسایی ژمارە(یەک)ی خولی یەکەمی، سالی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.*

**بەرنامەی کار:**

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی سالی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی نائاسایی ژمارە(یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی١٢/٨/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسایەکی تایبەت بە تێوەگلانی جەریمەی کرینەوەی نامووس(غسل العار) کە لە چوارچێوەی پۆزشە یاساییەکاندا (الاعذار القانونية)یان لەو هەلومەرجە دادگاییانەدا(الظروف القضائية) کە سزاکەی دادەشکێنێ لە قەڵەم بدرێت.***

***٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری ئیلغاکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٣١)لە ٦/١١/١٩٩٧ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق.***

***٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای حسابکردنی ماوەی خزمەتی دادوەری بە کرداری ئەندامە حقوقییەکانی پەرلەمان بۆ دامەزراندن و تەرقییە و تەرفیع.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (یەک)ی نائاسایی خولی یەکەمی سالی یازدەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسایەکی تایبەت بە تێوەگلانی جەریمەی کرینەوەی نامووس(غسل العار) کە لە چوارچێوەی پۆزشە یاساییەکاندا (الاعذار القانونية)یان لەو هەلومەرجە دادگاییانەدا(الظروف القضائية) کە سزاکەی دادەشکێنێ لە قەڵەم بدرێت.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری ئیلغاکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٣١)لە ٦/١١/١٩٩٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای حسابکردنی ماوەی خزمەتی دادوەری بە کرداری

ئەندامە حقوقییەکانی پەرلمان بۆ دامەزراندن و تەرقییە و تەرفیع. بە مەبەستی دەست بەکار بوون تکا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم کەوا بفەرموونە سەر سەکۆکە، بەڕێز کاک شیروان حیدری فەرموو .

**بەڕێز شـــيـــروان نـاصـح حـــيـــدری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئێستا داواکارییەکەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەخوێنمەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ پێشنیاری پرۆژەی یاسایی

ژمارە: ١٥

بەروار: ٢٠٠٢/٦/١٩

ڕێز و سڵاو

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە ناومان هاتووە پێشنیاری راگرتنی مادده(١٢٨)ی یاسایی سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەن. لەگەڵ ڕێزماندا. ئەو بەڕێزانەی کە ئەم داواکارییەیان پێشکەش کردووە ئەم بەڕێزانەن: ١ـ فوزیە عزالدین ، ٢ـ جلال خۆشناو ، ٣ـ شفیقە فقێ، ٤ـ حلیمە حسین، ٥ـ وریا دزەیی، ٦ـ زهرا حاجی، ٧ـ د.ناصح غفور، ٨ـ زاهر محمد، ٩ـ أنور شوکر، ١٠ـ عبدالخالق زەنگەنە، ١١ـ د.لطیف محمود. ١٢ـ سرکیس ئاغاجان، ١٣ـ رجب شعبان، ١٤ـ یونادم یوسف، ١٥ـ ابراهیم سعید، ١٦ـ یار أحمد، ١٧ـ بطرس سخریا، ١٨ـ نیاز میران، ١٩ـ أحمد سالار، ٢٠ـ أحمد علی.

ئێستا دێینە سەر دەقی پرۆژەکە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) السادسة والخمسين في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانون الآتي :-

قانون رقم ( )

المادة الاولى:

ايقاف العمل بالمادة (١٢٨) من قانون العقوبات رقم (١) لسنة ١٩٦٩ المعدل في اقليم

كوردستان العراق ويحل محلها مايلي:
١- الاعذار اما ان تكون معفية من العقوبة او مخففة لها ولاعذر في الاحوال التي يعينها القانون، وفيما عدا هذه الاحوال يعتبر عذراً مخففاً ارتكاب الجريمة بناءا على استفزاز خطير من المجني عليه بغير حق.
٢- يجب على المحكمة ان تبين في اسباب حكمها العذر المعفي من العقوبة.

المادة الثانية:
لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.
المادة الثالثة:
على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الرابعة:
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بۆ ڕوونكردنەوە ی ئەو پرۆژە یاسایەی كە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، لەهەمان كاتیشدا ئەنجومەنی وەزیرانیش تەبەنای كردووە و بڕیاری لەسەر داوە، جا بۆیە پێمان باشە كەوا لە نێوان هەردووكیاندا داڕشتنێكی وا بكرێت كەوا هەردووكی بگرێتەوە، ئەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش، ئەم پرۆژەیە ئێستا ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و مافی مرۆڤ و كۆمەلایەتی و لیژنەی ئەوقاف و مافی ئافرەتان دەكەین و، دێینە سەر خالی دووەم، كاك شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
ئێستا دەقی داواكارییەكەتان بۆ دەخوێنمەوە.
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان
بابەت / پێشنیاری پرۆژەی بڕیار
ڕێز و سلاو
ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كە لە خوارەوە ناومان هاتووە پێشنیاری

نامووس(غسل العار) كه له چوارچێوەی پۆزشە یاساییەکاندا (الاعذار القانونیة)یان لەو هەلومەرجە دادگاییانەدا(الظروف القضائية) کە سزاکەی دادەشکێنێ لە قەڵەم بدرێت.
٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بریاری بریاری ئیلغاکردنەوەی بریاری ژمارە (٣١)له ١٩٩٧/١١/٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق.
٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای حسابکردنی ماوەی خزمەتی دادوەری بە کرداری ئەندامە حقوقییەکانی پەرلەمان بۆ دامەزراندن و تەرقییە و تەرفیع.
بەڕێزان بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بفەرموێت بۆ سەر منەسەکە، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی مافی ئافرەت و، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی ئەگەر زەحمەت نەبێت، لیژنەکانی مافی مرۆڤ و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەر کەسە دەتوانی لە شوێنی خۆی رەئی خۆی دەربڕیت، ئەگەر رەئییەکیان هەبێت، بەڕێز کاک شێروان فەرموو پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــومـــەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.
بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
إستنادا الى أحكام الفقرة (١)من المادة(٥٦)السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءً علي ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانون الاتي:ـ
قانون رقم( ) لسنة / /٢٠٠٢
المادة الاولى:
إيقاف العمل بالمادة (١٢٨)من قانون العقوبات رقم(١)لسنة١٩٦٩ المعدل في إقليم كوردستان العراق ويحل محلها ما يلي:
١ـ الاعذار إما ان تكون معفية من العقوبة او مخففة لها ولاعذر إلا في الاحوال التي يعينها القانون، وفيما عدا هذه الاحوال يعتبر عذراً مخففاً إرتكاب الجريمة بناءً على إستفزازٍ خطير من المجني عليه بغير حق.
٢ـ يجب على المحكمة ان تبين في اسباب حكمها العذر المعفي من العقوبة.

المادة الثانية:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر پرۆژەکە.

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ڕای لیژنە

نووسراوتان ژمارە ک/ ٥٥ لە (٢٠٠٢/٨/١٣)

لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ تاوتۆکردنی پرۆژەی تایبەت بە(غسل العار)پاش دیراسەت کردنی لە هەموو ڕوویێکەوە، لیژنەکەمان بەتێکڕای دەنگ پشتگیری لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە کرد، بەڵام بەڕای ئێمە ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی تایبەت بێت بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەکمان هاوپێچ پێشکەش کرد تکامان وایە جێگەی ڕەزامەندی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

سعید یعقوبی

سەرۆکی لیژنە

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

إستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق و بالاشتراك مع

مجلس الوزراء لكوردستان العراق قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانون الاتي:-

قانون رقم( ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى:

لا يعتبر إرتكاب الجريمة بدافع غسل العار عذراً قانونياً مخففاً لاغراض تطبيق احكام المواد(١٢٨ , ١٣٠ , ١٣١)، من قانون العقوبات المرقم (١١١) لسنة١٩٦٩ المعدل.

المادة الثانية:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەرەئی ئێمە دەستکاری قانونی عقوبات نەکەین پرۆژەیەکی تایبەت موستەقیلە وەکو قانونێکی مەحەلی قانونێکی خۆمانە، ئەو قانونە لە هەرێم بەکار بێتن هیچ پەیوەندییەکی بە قانونەکانی تر نییە و تایبەتە پەیڕەو دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی ئەوقاف تکایە.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کورتەی رای لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئەوەیە کە لاریمان نییە لە پەسەندکردنی پرۆژەکە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی مافی مرۆڤ، تکایە.

**بەڕێز يحيى محمد عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/رای لیژنە

نووسراوی بەڕێزتان ژمارە ک(٥٥) لە بەرواری ١٢ / ٨ /٢٠٠٢.

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی لەرۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۲/۸/۱۲ بەست بۆ دیراسەت کردن و ڕای لیژنەکەمان دەربارەی یاسای تایبەت بەتێوەگلانی جەریمەی کرینەوەی نامووس کە لە چوارچێوەی پۆزشە یاساییەکان دا یان ئەو هەل ومەرجە دادگاییانەدا کە سزاکەی دادەشکێنێ لەقەڵەم بدرێت، دوای گفتوگۆ کردن لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەمانەوە پشتگیری تەواوی پرۆژەکە دەکەین، هەروەها لەگەڵ ئەوەدا نین هیچ کەسێک لەپیاو و ئافرەت ماف بەخۆی بدات بەکوشتنی هەر کەسێک بە هەر بەڵگە و بیانوویەک، چونکە جێ بەجێ کردنی هەموو فەرمانەکانی کوشتن وسزاکان دەبێت ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ پێمان باشە وشەی «غسل العار» کە دیاردەیەکی نامۆیە لە کوردستاندا و، پەیوەندی بە شەریعەتی ئیسلامەوە نییە و پێشی ڕازی نییە کە بەو ناوەوە هیچ تاوانێک ئەنجام بدرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە ناوی نەهێنرێ و نەمێنێ.

لەگەڵ ڕێزماندا

لیژنەی مافی مرۆڤ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرموو.

**بەڕێز زاهر محمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سڵاو وڕێز:

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە«۱»ی نائاساییساڵی«۱۱» خولی دووەم لە ڕۆژی ۲۰۰۲/۸/۱۲ دەقی ئەو پرۆژەی بە یاسایەکی تایبەت بە تێوەگلانی جەریمەی کوشتن بە بیانۆی کرینەوەی ناموس(غسل العار) و(الاعذار القانونیة) و(الظروف القضائیة)ی کە ئاراستەی لیژنەکەمان کرا.

لیژنەکەمان بەتەواوی ئەندامانیەوە کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە ڕۆژی ۲۰۰۲/۸/۱۲دوای گفتوگۆ کردن ولێکۆڵینەوەی تەواو بەتێکڕای دەنگ بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر تەواوی پرۆژەکەدا.

لەگەڵ ڕێزماندا

شەفیق أمین محمد

سەرۆکی لیژنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی مافی ئافرەت تکایە.

**بەڕێز فـــــوزیە عـــــزالدین رشـــــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت دوێنێ بە کۆی ئەندامان کۆبوونەوەیەکمان کرد و پشتگیری تەواوی پرۆژە هەموار کراوەکە دەکەین لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران تێبینیان نییە مادده بە مادده دەست پێدەکەین، تکایە خاڵ بە خاڵ پرۆژەکە گفتوگۆ بکرێت، ماددەی یەکەمی موقتەرەحی لیژنەی یاسایی لەگەڵ دیباجەکە، تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان ناصح حـــــیـــــدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

إستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءً علي ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق بالاشتراك مع مجلس الوزراء لكوردستان العراق قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانون الاتي:ـ

قانون رقم( ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى:

لا يعتبر ارتكاب الجريمة بدافع غسل العار عذراً قانونياً مخففاً لاغراض تطبيق احكام المواد(١٢٨ ، ١٣٠ ، ١٣١).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی مافی ئافرەتان لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز فـــــوزیە عـــــزالدین رشـــــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە پشتگیری پرۆژەی پێشنیار کراو دەکەین، ڕەئیمان وەکو ڕەئی لیژنەی یاساییە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی لەسەر ماددەی یەک.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی پڕۆژە پێشنیار کراوەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی تەواوی پڕۆژەکە دەکەین، تەنیا تێبینیەکمان هەیە لەسەر (غسل العار)، وەکو لە ڕای لیژنەمان ناوی هاتووە، زۆر بە زەقیش لێرە ناوی هاتووە، بەراستی ئەم وشەیە وشەیەکی نامۆیە، شتێکی تایبەتیە کە عایدی ڕای لیژنەکەیە، وەکو ڕای تایبەتی خۆشم ئەگەر ئیجازە بدەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی تایبەتی شەخسیم جارێک ناوێت، تەنها ڕەئی لیژنەکەمان دەوێت، بەڵام هی تایبەتی پاشان.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی پڕۆژەکە دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەم تێبینیە بکرایە باشترە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ڕەئی لیژنەکە ئەوەی وشەی (غسل العار)ەکەی تێدا نەبێت، ئەی چی لە جیاتی ئەمە بنوسرێت؟.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وشەیە نامۆیە، ئەم وشەیە وشەیەک نییە کە لە ناو کوردا هەبێت، پەیوەندی بە سەردەمی وەئدو زیندە بەچاڵ کردنی ئافرەتەوە هەیە، ئەمە هەر کلکێکی ئەو قانونە رجعیە کۆنەیە کە (٢) هەزار ساڵە لە کۆمەڵگاکاندا بەرپا کراوە، ئێستا خۆی دیوەتەوە لەناو قانونەکاندا، بەراستی من حەز ناکەم بچمە ناو تەفاسیلی ئەوەی کە ڕوواو بووە لەناو کوردستانی عیراقدا، بەڵام بەم

شێوەیە نەبووە بەوشەی (غسل العار) بێت، جا بۆیە بەراستی وشەیەکی غەریبە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری هیچ پەیوەندی بە شەریعەتی ئیسلامەوە نییە، لەگەڵ کۆمەڵگای ئیمەدا ناگونجێ، ئەگەر بکرێت هەر وشەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کە تەخفیفی عقوبە نابێت ببێت بەراستی بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەگەر وشەکەش جێی بگرێتەوە شتێکی تری بۆ دابنرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ وەلامتان هەیە بۆ ئەم پێشنیارە، بۆ ئەمە وەلامتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو تەتبیقاتی قەزائی کە وشەی(غسل العار)لە قەرارتی قەزائی هاتووە، لە هەموو قەراراتی قەزائی محاکم دەڵێت(تبین أنَّ الجريمة وقعت بدافع غسل العار)، لەبەر ئەمە ئەم وشەیە شیوعی کردووە، ئێستا ئەم وشەیە وشەیەکی قانونی نییە کە دەڵێت (وقعت الجريمة بدافع غسل العار)دافیعەکە بۆ مورتەکیبی جەریمەکە دەگەڕێتەوە بۆ مورتەکیبی جەریمەکە تەسەوری وایە دافعی غەسلی عارەکە خۆی عارەک دەکات، خۆی ناوی لێ دەنێت (دافع غسل العار، اذا وقعت) ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جانی هیچ پەیوەندی بە محاکم نییە، لەبەر ئەمە تەتبیقاتی قەزائی هەموی غەسلی عارە ئەم وشەیە لە هەموو قەراراتی محاکمدا هاتووە، مەفروزە ئێمە خەڵک رابێنین کە ئەم وشەیە نەماوە، ئیتر بەکار ناهێنرێت و ئەم وشەیە بە تەواوی نەماوە، لەبەر ئەمە وتنی لەوانەیە بەواعس شەریفە کەس نەزانی بەواعس شەریفە کۆمەڵێک هەنە بەواعس شەریفە، کابرایەک جاسوسە کوژرا بەواعس شەریفە، دکتۆرکە مردیەک رزگار دەکات لە ڕەزالەت ئەمە بەواعس شەریفە، نامانەوێت ئەم وشانە بەکاربهێنرێت فراوان بێت، (غسل العار) عەمەلیاتێکە مەحسورە لە قەراراتی محاکم بۆ ئیتیجاهێکی موعەین، ئیتیجاهەکەش کوشتنی ئافرەتە زوڵمەن و زورەن و بوهتانەن ناویان لێناوە (غسل العار) کە لە هیچ مەبدەئێکدا نییە، هەمووی دەگەڕێتەوە لە مەسائیلی قەبەلی و مەسائیلی تەعسبی و مەسائیلی خێزانی، هیچ پەیوەندەیەکی بە مەدەنییەت یان هیچ پەیوەندەییەکی بە شەریعەتی ئیسلامەوە نییە، ئەمەش مومکن نییە تاکەی موقەید بین بەو تەقالیدە کۆنانە کە ئێستا هاتووە کە ئستیعدادمان هەیە ئێمە تۆزێک هەوڵ بدەین بۆ کەمکردنەوەی، خۆ شەریعەتەکەی خۆمان خۆی دژیەتی نازانم تا ئێستا ئێمە بۆ ئەوەی پەیڕەو بکەین، لە ئەساسەن ئەم وشەیە لە شەریعەی ئێمەدا نییە کە هەموومان ئیمانمان پێیەتی، لەبەر ئەمە زۆر زەرورییە ئەم وشەیەی تێدا هەبێت و، مەفهومی خۆی هەیە خەڵکەکە باشتریشی تێدەگات و، لە مەحاکمیش تەتبیقاتی باشتر دەبێت، پاشی تەنسیقیش ئێمە ئەم وشەیەمان داناوە، ئێمە پەیوەندیمان بە مەحکەمەی تەمییز کردووە، شەو تا سەعات دەوری (نۆ)پەیوەندیمان

پێوە کردینە لەگەڵیان دانیشتووین، لەگەڵ ئەوان گەیشتینە ئەو سیغەیە، ئەم سیغەیە باشترە لە مەحاکم بۆ تەتبیقات، ئینجا هاتین ئەوەمان داڕشتووە، وتمان شتێکی نەشاز نەبێت لە محاکم لە تەتبیقات ئەوان تووشی مەشکیلە و هەڵە بێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ کاکەرەش، بۆ ئاگاداری، ئێمە تەنها موناقەشەی ماددەی یەک دەکەین، تکایە ئەوانەی دەیانەوێت موناقەشەی ئەو ماددەیە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە و، دەتوانن لەهەمان کاتدا موناقەشەی دیباجەکەش بکەن، ئەگەر تێبینیان لەسەر دیباجەکە هەبێت دەتوانن بیڵێن، بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە هەر کاتێک ویستیان موداخەلە بکەن، هەر کاتێک ویستیان ئیشارەتێکمان بدەنێ، ناوەکان دەخوێنمەوە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم ئەوەی ناوی نەخوێنرایەوە ئیشارەتێکمان بداتێ، بەڕێز د. ناصح غفور رمضان، بەڕێز وەزیری داد، بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین، بەڕێز مەلا محسن مفتی، بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز انور شوکر، بەڕێز ابراهیم سعید محمد، بەڕێز حمە علی توفیق، بەڕێز رجب شعبان، بەڕێز زهراء حاجی، بەڕێز شفیقە فقێ عبدالله، بەڕێزفاضل رؤوف، بەڕێز د. رزگار، بەڕێز مەلا محمود دیرشەوی، بەڕێز د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان پرۆژەی ئەم یاسایە کە ئەمڕۆ هاتۆتە بەردەم ئێمە پرۆژەیەکی زۆر پێویستە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، ئەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسایی هێنایانە سەر ماددەی یەکەم بەتایبەتی من پێم وایە زۆر دروستە ئەم تێبینیانە، روونکردنەوەکانیان لە جێ خۆیانن، بەڵام من پێم وایە ناو لێنانەکەی نەبێت بەم شێوەیە باشترە، هەرچەندە ئەوان ناویان لێناوە (لا یعتبر إرتکاب الجریمة بدافع غسل العار )ئەم وشەیە بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە لەوانەیە باشتر بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم(لا یعتبر إرتکاب الجریمة بدافع ما یسمی بدافع غسل العار)، چونکە ئەوەی ئەو روونی کردەوە بەناوی (غسل العار)ە، ئەگینا خۆی شۆرینەوەی ناموس هیچ بەم شێوەیە نابێت، لەبەر ئەمە ناو لێنراوە بە شۆرینەوەی ناموس باشترە نەک (غسل العار)ەکە، چونکە وشەیەکی یاسایی نییە مادام وشەیەکی یاسایی نییە باشترە ئەمە بەکاربێت(لا یعتبر ارتکاب الجریمة بدافع ما یسمی بغسل العار عذراً قانونیاً مخففاً لاغراض تطبیق احکام المواد١٢٨ , ١٣٠ , ١٣١) ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، کاک شێخ عدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد نقشبندی/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بە تەئکید لەگەڵ پێشنیاری پرۆژەکەم، چونکە لەوێ تەبیعی مەسئولیەتی جەنابتان دەزانم تەزامونەن ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەم پرۆژەیەن، بەڵام من یەک تێبینم هەیە ئەوەی بەڕێز کاکەرەش شەرحی کرد کە (غسل العار)کە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی تەبیعی راستە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام ئەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ بەیانی کرد بەڕێز کاک شێخ یحیی وابزانم لە جێگای خۆیەتی مەبەستی ئەوان ئەوە نییە، ئەوەی تۆزێک لە زمان بزانی دەزانی کە (غسل العار) بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەو کەسەی کە دافیعەکەی چی بووە یەعنی شەخسی موتەهەمە، چونکە موتەهەمە موجرم نییە تا ئیدانە نەکرێت، بەڵام بەراستی لێرە وشەیەکی تۆزێک نەشازە، راستە ئەوەی کاکەرەش وتی ئەمە ئاساری کۆمەڵگایەکی قەبەلیە کە عیراق بە شێوەیەکی گشتی و کوردستانیش کۆمەڵگایەکی قەبەلی بووە، تەبیعی ئەم یاساییە لە زەمانی موختەلیف دانراوە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەگەر ئەمە زیاتر بۆی بچیت تەعبیرێکی تری بۆ دابنرێت لە جیاتی ئەمە، چونکە ئەگەر زۆر بە وردی تەماشای بکەین، وادیارە کە عارێک هەیە و ئەمە بەم ئیشەی کە ئێمە دەمانەوێت نەمێنێت دەیسڕێتەوە بەراستی خۆی وانییە لە ئەساسدا شتێکی خراپە، دافیعێکی خراپە، چونکە ئێمە ئیمانمان بە موجتەمعێکی مەدەنی هەیە ئیمانمان بەوە هەیە کە یاسا دەبێت موعالەجەی بابەتەکان بکاتن، نەک خەڵک بچێت راستەوخۆ ئافرەتێک بە توهمەییێکی بەلاش یان بە هەر نەوعێک بێت بیکوژێتن بەناوی ئەوەی کە دیفاع لە نامووسی خۆی دەکات، من زمانەوان نیم، بەڵام زمانەوانەکان یان یاسا ناسەکان شتێکی وا دابنێن تەعبیرێک بێت کە لەگەڵ ئەم بابەتە بگونجێت، تەعبیر لە غەرەزێک بکاتن بەبێ ئەوەی ئیشارەت بەوە بکرێت بە(غسل العار)، چونکە بە قەناعەتی من لەگەڵ ئەسڵی ماددەکە ناگونجێتن و، تا حەددێک من لەگەڵ کاک د. ناصحم، دەڵێن لە ژیان تەتابق نابێت، من تاحەددێک لەگەڵ کاک د. ناصح موافیقم لەسەر ئەمە کە دەبێت شتێکی وابکرێت تەعبیر لە واقیعەکە بکات، بەڵام بە وشەیەکی تر نەک بە (غسل العار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز محمد احسان وەزیری مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری مافی مرۆڤ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هاتنی وشەی(غسل العار) ئەصلەن بەلای ئێمە قەرارێکی ثابتە ئەم جەریمە بڵێین غسلەن للعار و ئەصلەن لە قانونی عقوباتی عێراقی ئەم قسەیە نەهاتووە ئێمە بۆ لێرە دێین تەصدیق دەکەین جارێکی تر لە مەفاهیمی خۆمان ئەصلی مەسەلەکە ئەوەیە بواعث شریفەیە وقسەی

(بواعث شريفه)له تەطبيقاتي قانوني له كوردستان تەقريبەن من زۆر لەگەڵ محكەمە قسەم كردووه پتر له ٩٥٪ی ئەو جەريمانەی كه دێنه كردن قازانج دەكەن له قسەی بواعث شريفه ئەزانن بواعث شريفه زۆر شتى تر دەگرێتەوه بەلآم تەطبيقاتى عەمەلى سەنەدى قانونى بۆ ئەم قسەيه بواعث شريفەيه نەوەك قسەی (غسل العار)ه، ئێمە بەباشى دەبينين ئەگەر (غسل العار) و(بواعث شريفه) نەمێنێت موشكيلەكەمان بۆ حەل دەكات به شتى ئاسانتر له ئيقرار كردن به (غسل العار) بەم جۆرەی كەهاتووه كه ئيقراره ئەم شتەی دێته كرن غەسلێكه بۆ عار ئەمە ئەصلەن ناگونجێ لەگەڵ هيچ مەقايسێكى مافى مرۆڤ و هيچ مەقايسێكى قانونى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێوه ليژنەی ياسايى تێبينى خۆتان بنووسن ، بەڕێز كاك احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

شتێكى ئاشكرا و سەلمێنراوە كه ياساو هەر چۆن داب و نەريت وخوو عەنعەناته باوەكانى سەردەم پەيوەستە به بەرژەوەندى دەسەلآتەوه ودەربڕينێكى راستەوخۆيه لەوه، بۆيه لەياساى هەر سەردەمێک دا وله هەر شوێنێكدا سيستەمەكه دەبينين كاپيتاليزمه، ئۆرۆستۆكراتيزمه، ديمۆكراتيزمه، سۆسياله، راديكاله هەر شێوەيەكه لەشێوازەكانى حوكمدارى، بۆيه ئەمەی كه له وه دەبينين ئەمەش دەنگدانەوەو رەنگدانەوه وبه تەنگەوه هاتنى بەرژەوەندى سيستەمێكه له سيستەمه دواكەوتووەكان كه كوشتنى ڕەوا بينيوه يا پەلپ وبيانوو و پۆزش وپاساوى هێناوەتەوه بەهەر شێوەيەک بێت ئەمە دژايەتييه له شەرع وبەپێى ئەو ئامارانەش كه كراون زۆربەيان ئەو تاوانەن كه كرابێت له زۆر شوێندا دەرحەقى ئەوانه كراوە كه تەمەنيان له هەژده ساڵ خوارتره ئەمەش بەپێى شەريعەت وبەپێى ياساكانيش ناچنه خانەی گەورەوه بەڵكو هێشتا لەچوارچێوەی منالّيان و وادەی رێنمايى وپەروەردەو پۆشته كردنەوەی ناخ وئاوەدان كردنەوەی دەروونيانەوه چ به ئەو بايەخه گرنگانەی كه هەيه بايەخه پيرۆزەكان له پێشيانەوه باوەڕ واته ئايين وئەو داب ونەريته كۆمەلآيەتيانەی كه يەككگرتنەوەو پوختەی سەردەم و رۆژگارەكەی خۆيەتى واته مانەوەی ئەو ياسايە زەغت كردنه لەسەر مانەوەی پۆخلەواتى سەردەمێكى خراپ بۆيه سزاش خواى گەورە كه خۆی خاوەنى سزاى دوايى و سزا گەورەكانى هەمووانه ئەو مافه ڕەوايەی به شەريعەت وەيا بڵێين به ياسا رەوا فەرمووه. بۆيه نەمانى بەشتێكى ڕەوا دەبينين وزيندوويەتى ياسا هەميشه لەوەدايه چەنده گۆڕانكارى بەخۆيەوه بينيوه له پێناوى به تەنگەوه هاتنى رۆژگارەكەی خۆی، بۆيه بەدڵ لەگەڵ ئەو پرۆژه پێشنيار كراوەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا سەعد عبدالله فەرموو.

**بەڕێز سعد عبدالله/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەبەر ئەوەی ئەو جەریمەیە کە داواکراوە و پێشنیار کراوە کە ئەعزاری موخەفەف ومەعفی لەسەر لابدرێ جەریمەیەکە تایبەت بەرامبەر بەئافرەت جێ بەجێ دەکرێ، لێرەدا شێوەکە هاتووە (غسل العار) وەکو عام بێت رەنگە پیاوێکیش بکوژرێ بە دافیعی (غسل العار) لەبەر ئەوە من پێم وایە لێرەدا روونکردنەوەکە بدرێت کە فیعلەن ئەو تاوانە بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت وبەشێوەیەکی بەبێ ویجدانانە دەکرێت، بۆ نموونە لەقانونی عقوباتی جەزائیری هەمان تاوان تەحدیدیان کردووە بەرامبەر بە پیاویش جائیزە هەمان شت بکرێت ئەگەر لەوێ بوایە رەنگە بمانتوانیبایە لەبەر ئەوەی جەریمەکە خاصە بە هەردوو لا تەطبیق دەکرێت دەمانتوانی بەو جۆرە باسی بکەین کە (غسل العار)ە بەلام من پێشنیار دەکەم لێرە کوشتنی ئافرەت بەدافعی ئینجا ناوی چی لێ دەنێن یانی ناوەکە بە دافعی ئەخلاقی بە دافعی هەر شتێکی تر بەلام دیاری بکرێت کە کوشتنی ئافرەت لێرەدا ئەوە ئیلغا بکرێت نەک هەر بەشێوەیەکی عمومی کە دافیعی (غسل العار) بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک یاسای (غسل العار) هاتووە دانان موشەریعی پێدانانەکا زۆر عورف وعادات وتەقالیدێت عەشائیری وبێت کومەلگاهی پێداینە نەپیتەدا شەرعی خودێ نەپیتەداش مافی مرۆڤ لێرە هەدا ئەگەر وردی بەری خۆ بکەین ئەڤ یاسایە دوو دەسەلات داینە زەلامێ لسەر ئافرەتێ یەک بڕیارا کوشتنێ هەر ئەوە بڕیارێ دەربکا ئەڤی بکوژێتن یان نا یا دوویش ئەو بەخوێرا بێتن لە تەنفیزا جەریما کوشتنێ لێرەهەدا ئەڤەها خەرقەکە بۆ مافی مرۆڤ ناگونجێ لەگەل شەریعەتی خودێ نەک لەگەل مافی مرۆڤێ نەخاسمێ ڤێ قۆناغێدا، چونکە گەلەک ئافرەت بێت بەربێ دێنە کوشتن نە شاهید هەنە وشاهید بۆ ڤێ حالەتەی چوار شاهید بەم شەرعێ خودێ وببینن بە چاوێت خۆ، لێرەهەدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن من دوو پێشنیارا هەی ئەگەر ئیجازە هەبێتن لەسەر وێ کێشەو کێشەی ئافرەتێ، پێشنیار دەکەم کە ئەڤ یاسایە بتەنێ کێشا ئافرەتێ چارەسەر ناکاتن بەلکو کە تەوعیەک لەگەلدا هەبێتن ئەویش دەکەوێتە لسەر ئاستێکی بێژم یانیش شانێ مامۆستایەکی ئایینی لێرەهدا رۆژێت خوتبە دیاربکاتن لە خوتبە جومعێ دا کە ئافرەت نابێ بێتە کوشتن تەنها ئەگەر چوار شاهید هەبێت حوکمی شەرعی بۆ دیار بکاتن یانیش کە کچێ هیچ کوشتن لسەر نییە یەک یا دوویش یا باب وبرایێت خەلکێکی کو دیار بکاتن کە کچ نابێت بێتە دانا شوو بێن

زەغتەکی دا یان یا کچکە یان یا گچکا یان ژن بەژنی ئەڤە هەمی دەبنە ئەگەر ئەوە هەندێ کە کچ پێشتەنگی نارازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر دەقیقەیەک دوو دەقیقە لە حەقی خۆمم زیاتر برد داوای لێبوردن لەسەرۆکایەتی دەکەم.

پێشەکی صیغەی داڕێژراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە زۆر موفەقە بەلای منەوە،قەزیەی بواعث شەریفە شتێکی عامە بەراستی یانی بواعث شریفە تەنها بریتی نییە لەوەی کە قازی تەبەنی بکات بۆ ئەوەی کەوا پێی دەڵێن غەسل عار ئەو صیغەیە زۆر بەموفەقی هاتووە، قەدەغەیەتی ڕەشەکوژی لە هەڵاتنی ڕۆژی ئیسلامەوەیە، ئیبداع و داهێنان لە پێشنیاری پرۆژەکەدایە، دەسخۆشی لەوانە دەکرێت کە بۆ دوو ساڵ ئەچێت ئەم مەسەلەیە هوروژاوە و تاوتویان کردووە گفتو گۆیان لەسەر کردووە، لەرۆژنامە وگۆڤارەکاندا روونکردنەوەیان لەسەر بڵاوکردووەتەوە، تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە ئەمرۆ بە بروای من تەمومژ لەرووی پرشنگداری شەریعەت و فقهی ئیسلام برەوێتەوە پەسەند کردنی ئەم پرۆژە لەم دەزگای یاسا سازییەدا ئەمرۆ دەژمێررێت سرینەوەی توهمە و ژەنگێکە زۆر بەناحەق و ناڕەوا ڕەنگە لکێنرا بێت بەشەریعەت وفقهی ئەم دینە پیرۆزەوە، لەوانەیە ناشارەزایان و زۆربەی خەڵکی ڕەشوکی گومانیان وەها بوویێت کە ئەو داب و نەریتە لە فقهی ئیسلام و لەلای فقهای شەریعەت بە پەسەند زانرابێت، (حاشا) و هەزاران جار حاشا ئەگەر ڕەشەکوژی لە ئیسلامدا پەسەند بێت و هەبێت، وەیا ڕێگەی درا بێت لەسونگەی دەرزییەوە بەهیچ بیانویەکەوە.

ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم ئەو شەرەفەیان بەر ئەکەوێت و بردوویانەتەوە، کە بەراشکاوی بەیاسایەکی تایبەتی سزای تاوانی ڕەشەکوژی بە بیانوی (غسل العار) ئەگەڕێنینەوە شوێنی خۆی (والجروح قصاص). بەوە تا رادەیەک ڕێگا تەنگ ئەکرێتەوە لە ڕەشەکوژی،هیواش دەکرێت کۆمەڵگای کوردەواریمان لە جاران پتر پابەندی خۆمان بە یاساو داب و نەریتە رەوشتی بە بەرزەکانەوە پتەوتر بکەینەوە. شیاوی ئاماژە پێکردنە یاسای سزاکانی عێراقی سەرجەم وسەرتاپای بەندو برگەکانی یاسایەکی وضعی یە، بەڵکو لە ئەساسیشدا (ئەساسەکەی یاسای سزاکانی بەغدادییە) داتاشراوی خەڵکێکی بێگانەیە و بەزمانی ئینگلیزیش داڕێژراوە، بۆیە هەرچۆن دەستی تێبخرێت لەهەر باب و هەر فەسڵ و هەر بەندو برگەیەکیدا تەگەرەو ڕێگرێک نییە قورخی بکات، داڕێژراوی مرۆڤە و هەر مرۆڤیش دەتوانێ کلک و گوێی بکات، بەپێی کات و

شوێن، اعذار قانونیه، ظروف قضائیه، اعذار معفیه، اعذار مخففه، موانع العقاب، ئەم زاراوانە موبتەکەراتی تشریعاتی جەزائین لەدوای شۆڕشی فەرەنسیەوە داهێنراون وکەوتوونەتە ناو یاسا سازانی عوسمانییەکان لەساڵی ١٨٨٥ دا ئەو زاراوانەیان خزاندە ناو یاساکانیانەوە، وولاتە عەرەبیەکانیش کە کاژی عوسمانییان فڕی دا ئەو مەبەدەئەیان گەشە پێداوە، ئەوەتە یاسای سزاکانی عێراقی ئەو زاراوانەی هەڵێنجاوە لەخۆی بەبێ مستندی فقهی چونکە یاساکە خۆی وضعی یە بۆیە بەهەموو قەناعەتێکەوە پشت گیری ئەکەم لە پرۆژەکە و پەسەند کردنی. ئەم پرۆژە ناشێ لە ناو جەماوەردا ئەو دەنگە بداتەوە (خوانەخواستە) گومان ببرێت دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ نەپرسینەوە و بەرەڵایی بۆ (اباحیە)، بەڵکو جیلەکان ئایەندەیان لە ئەستۆی پێشینەدایە، جیلی ئێستامان پەروەردە و پێگەیاندن و پێگەیاندنی جیلی دوای خۆیی لە ئەستۆدایە، هەر لەماڵ و ناو خێزانەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانە و زانکۆکان لە هەموو قۆناغەکان و هەموو بەشەکانیاندا، بگرە هەموو تاک و کۆمەڵ و دەزگاو دائیرەیەکی حیزبی و حکومی و جەماوەری تایبەت کەناڵەکانی راگەیاندن... هتد، ئەبێ ئەوەیان لەلا مسۆگەر بێت کە پاراستن و پارێزگاری ئەخلاق و رەوشتی بەرزی گەلی کوردو و کۆمەڵگای کوردستانی ئەمانەتە لە ئەستۆیاندا (انما الامم الاخلاق مابقیت فان همو ذهبت اخلاقهم ذهبوا).

گەلان بە ئەخلاق بەندن تا ماون ئەخلاقیان فەوتا خۆیشیان فەوتان، لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری گومان نییە کە شەرەف و حورمەت وناموسی بەرێزتر و پر بەهاترین و عەزیزترین و نایاب ترین شتە بۆ مرۆڤ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و قەت و قەت کەمتەرخەمی تێدا نەکراوەو ناکرێت و چاوی لێنانرێت بەیەکا و، بۆ پاراستنی و پارێزگاری لەشەرەف وناموس ماڵ وگیان و روح بەخت ئەکرێت، بۆیە یاساکان لە هەموو وڵات و کۆمەڵگایەکدا (نەکو تەنها کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان) مافی دفاع لێکردنیان داوە، وەهەرچی لەوپێناوەدا بکرێت بەرەوایان داوەتە قەڵەم، تا دەگاتە رادەی شتنیش، دووبارە ئەم پرۆژە ناشێ ئەوە بگەیەنێت کە رەشەکوژی لە کوردستاندا تەشەنەی کردووە دەبێ بەری بگیرێت، بەڵکو پتر بۆ رێگا برینە لەوانە کە خاو خێزانی خۆیان دەبەنە هەندەران و لەوێ دەیان دۆڕێن غیرەتیان گوایە ئەجوشێت و ئەیان هێنینەوە کوردستان ولێرە تیغی لێساو ئەدات، هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە لە وڵاتانی دەرەوە وەها گومان دەبرێت کوردستان جەنگڵیستانی رەشەکوژییە، هاوار هەڵ ئەسێت و دەنگ بەرز دەبێتەوە ئەها لە کوردستان وەحشی گەرییە ومافی مرۆڤ پێمال ئەکرێت دیارە ئەویش دەبێتە خاڵێکی لاواز کەری ئەزمونی گەلی کوردستان بەڵکو ئەم پرۆژە ئەبێ دەنگ بداتەوە کە پەسەند کردنی دەکات رەوشت بەرزی، چونکە بنبڕکردنی رەشەکوژی یان بەلای کەمەوە کەم کردنەوەی بەیاسا مانای وایە کە هۆکارەکانیشی بە ئاقاری کەم بونەوەو بەکەمکردنەوەو لەکۆتاییدا بەراستی بابی خێزان پێکەوە نان و هاوسەرگرتن دەخوازێت کۆمەڵگای لێ وەخەبەر بهێنرێتەوە.

روشنبیران وچاکسازان و کۆمەڵناسان وزانایان و ئامۆژکارانی سەرمنبرەکان چاکی مەردایەتی

لێهەڵکەن تا هاوسەر سازی و خێزان دروست کردن سادەو ئاسان ئەکەنەوە تا بەئاسانی کیژ و کوڕی ئەم وولاتە بە رەوای پڕ بەهاوە بگەنە خواست و ئاواتی خۆیان و، هاوسەرو هاوژینی خۆیان دەسنیشان ئەکەن و، باوان و کەسوکاری هەردوولایش دڵسۆزانە و حەکیمانە دەچنە دەنگی هەردوولایانەوە بەراستی خزمەتێکی زۆر گەورەیە بە مرۆڤایەتی لەم وولاتەماندا ئەگەر خەمی بخورایە و، بەراستی ئەوە رەنگە ببێتە بنبڕ کردنی داب و نەریتی رەشەکوژی. خۆزگایش دەخوازم کۆمەڵێکی خێرخواز لە هەرێمدا دا بمەزرایە وڕێگایان پێ بدرایە خەمی دوارۆژی کیژوکوڕیان بخواردایە دەست گیرویی نەداران و هەژارانیان بکردایە، ئەوە دەبوە سەرەڕای خزمەت وبە تەنگەوە هاتنی حکومەتی هەرێم کە لەزۆر بواردا بە هاناوە چووە وەکو چەند جاری زەماوەندی بەکۆمەڵی رێکخستووە بۆ هەژاران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ محسن فەرمووو.

**بەڕێز محسن عبدالعزیز مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ووشەی (غسل العار) بە ناوی ناموس کرینەوە بە حەقیقەت هەر خۆی وشەکە ووشەیەکی نامۆیە لە کوردەواری خۆماندا و ئەوە دەبێتە مایەی نەک کرینەوەی حەیات بەڵکو حەیا بردن ئەو ووشەیە کە رژێمی عێراقی لە یاساکاندا چەسپاندی نە پرسی بەئیسلام کرد ونە پرسی بە فقهی ئیسلام کرد و نەپرسی بە زانایان وشارەزایانی ئیسلامی کرد بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆیدا هەوڵیدا ووشەیەک بێنێتە کایەوە کە سبەینێ تۆمەتێک رووبکاتە گەلەکەمان وگەلەکانی ئیسلامی بەتایبەتی گەلی کوردەواری خۆمان کە لەم دواییەدا ئەم تۆمەتە رووبەڕووی بۆتەوە. منیش لەگەڵ ئەوە دام دیاردەی (غسل العار) لە کوردستاندا زۆر بەدەگمەنە بۆ نموونە کە دەبینین وشەیەکی بەرابەر لەکوردیدا نییە مانایەکی بۆ دیاری نەکراوە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ووشەیە یا ئەو کردارەیە لە ناو کوردستانی ئێمە زۆر بەدەگمەن هاتووە وەکو مامۆستا ئیشارەتی پێکرد زۆر جار هەیە رێ دەکەوێت خەڵکانێک لەدەرەوە کە یاساکانی دانراوی وولاتانی دەرەوە ناوێرن لەوێ جێ بەجێی بکەن دێنەوە لەکوردستانی ئێمەش شتی وا دەکەن وولاتەکەی ئێمە کە جنسیەشیان ئیسقاط کردووە وولاتەکەی ئێمەی پێ بەد ناو دەکەن کە حەق وایە ئێمە ئەو تان وتەگەرەیە لەسەر خۆمانی لابدەین. (ما یسمی بغسل العار) باشترە زۆر جاریش ئێمە ووتومانە کاتێک کە باسی ئەنفال دەکرێت (مایسمی بالانفال) بووترێت باشترە چونکە ئەو وشەی ئەنفالە ئیسلام پێی رازی نییە ورژێمی بەدناو ویستیویەتی لەپاڵ ئایەتێکی پیرۆزدا ئەم ئیشەیە بکات ئەم وشەی (غسل العار)ە نە کۆمەڵگاو نەئیسلامەتی و نەشەریعەتی ئیسلام پێی رازی نییە بۆیە بەناو غسلو عارەوە بهێنرێت باشترە سووکردنی تاوان لەڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە بەوەی کە

تەخفیف بکرێت کەسێک بەتۆمەت بتوانێ خێزانەکەی یا کەسێکی محرەمی خۆی بکوژێت شتی وا لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نەهاتووە وبۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین بڵێین توێژی زانایان وەکو روونکردنەوەیەک بۆ ئەو پرسیارەی کە مامۆستا رجب باسی کرد توێژی زانایانی ئاینی لە کوردستاندا یەکەم توێژ بوو کە هەوڵی دا ئەم حەقیقەتە روون بکاتەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام رازی نییە نە بەهیچ تۆمەتێک نە بەهیچ کردارێک کە بەپێی بەڵگەی شەرعی ئیسلامی نەچەسپا بێت دەست درێژی بکاتە سەر ناموسی یەکێک حەیای ببات و بیکوژێت وئەمە حەقێکی تایبەتی خواییە پێویستە ئیجرائاتی توندی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر کەسێکیش ئەم کردارەی کرد خوای گەورە قەصاصی داناوە کە لەبەرامبەردا دەبێ ئەویش بکوژرێتەوە. لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەر کەسێک تۆمەتی وای دروست کردبێت ئەگەر بەڵگەی رەسمی نەبووبێت با لەخۆیشدا راستی کردبێت با خۆیشی بینیبێت کردارێکی ناپەسەند و نارەوا کەلەگەڵ ماڵ وخێزانەکەی کرابێت ئەگەر بینیبێتی مادام بەڵگەی شەرعی و چوار شایەدی راستەقینەی نەبێت یان بە ئیقرار و دان پیانانی تۆمەت پێکراوەکە نەیچەسپێنێ کە ئەم قسەیە راستە ئەگەر دوو کەس بێت و سێ کەس بێت هەمووشیان ئەو کردارەیان بینی بێت شەریعەتی ئیسلامی پێی رازی نییە وسزای تایبەتی دەدا بەو کەسانەی کە ئەو تۆمەتانە بڵاو دەکەنەوە بۆیە شەرەف وپارێزگاری لە شەرەف وناموس گەورەترین و پر بەهاترین زەرووریاتی شتە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کە ئیهتیمام و بایەخ و گرنگی پێدراوە ولە زەرووریاتی ئەهدافەکانی هاتنی ئیسلام جێگیر کراوەکە دەبێت هەموو کەسێک و هەموو لایەک ئەو حەقیقەت وراستیە بزانن، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی فەتوای زانایان پرسیارمان لێکردن لەروانگەی فیقه و شەریعەتی ئیسلامیەوە ئەو حەقیقەتەیان رونکردۆتەوە کە هیچ کەسێک مافی ئەو کوشتنەیان نییە ئەمێنێتەوە سەر ئەو دواقسەی کە بیکەم لەم بوارەدا لە کوردستانی ئێمە، ئێمە بەناوبانگین بە کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی بە کۆمەڵگایەکی بە رەوشت و، هەمیشە سەرۆک بارزانی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە پێویستە بۆ بونیات نانی کۆمەڵگایەکی ئاسوودەو کوردستانێکی ئازاد ئەخلاق و رەوشت لە پێشەنگی هەموو شتەکانەوە بێ، بۆیە داوا لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆمان دەکەین لە کاتێکدا رای پیرۆزی شەریعەتی ئیسلامی بەم شێوەیە روون دەکرێتەوە ئەوان بیکەنە داردەستێک بۆ خۆیان یەکەم بۆ پشتگیری کردنی ئیسلام لە مافی ئافرەتان لەکاتێک کە خۆیان داوایان نەکردووە ئیسلام مافی ئەوانی پاراستووە خۆیان بەدوایان گەڕاون و ئیسلام مافەکەی چەسپاندوون کەسێک نەهاتووە لەخزمەت پێغەمبەردا بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا من زوڵمم لێکراوە پێغەمبەر (د.خ) خۆی مافی ئەوانەی چەسپاندووە و بەرێک وپێکی دیاری کردوە وقورئانیش بۆ ئێمەی هێناوەتە خوارەوە، بۆیە حەق وایە ئەم حەقیقەتە روون بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی سوء ئیستیفادەی لێ نەکەن کۆمەڵگەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی دینداری وئەخلاق و رەوشتی و پەسەندی کوردەواری خۆمان ئیحتیفاز بەو ئاکارو رەوشتە جوانانەی خۆمانەوە بکەین دڵنیا بین ئەم دیاریدەیەش دیاردەیەکی نامۆیە لە کوردستانماندا سوپاس

بۆ خوا زۆر کەمەو بە دەگمەن دەبینین و بە دەگمەن دەبینرێت وئەمەش ئێمە پێمان خۆش بوو باسی بکرێت وکەئەو خەڵکەیە بزانرێت کە شەریعەتی ئیسلام نە لێی بەرپرسیارە ونە پێی رازییە حەقیش وایە ئەم تۆمەتە بە تەواوی سارێژ بکرێت وهەموو کەسێکمان بە پیاوو ژنەوە بە حەق ومافی عەدالەتی خۆی بگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پرۆژەی لیژنەی یاسا لەجێگەی خۆیەتی کە بە یاسایەکی تایبەت ئەو مەوزوعەی هێنایە ئاراوە، دووەمیش مادام ئەم بابەتە هیچ خیلافێکی لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامی وباقی ئایینیەکانی تر نییە وهەروەها مافەکانی مرۆڤیش دەپارێزرێن کاتی خۆی ئەم یاسایانەی لە رژێمی عێراق دانراوە هیچ کاتێک مافی مرۆڤ نەبووە کە ئێستاش نەبووە بەڵام ئێستا لە کوردستاندا مافی مرۆڤ پارێزراوە وئێمە تەنها ئەوەندەیە پاداشتی موجریم لابەین ئەو پاداشتە کە تەخفیفی سزاکەیەتی ئێمە ئێستا ئەوەندە لائەبەین لەبەرئەوە لەجێگەی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک عبدالعزیز تەیب فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەندا (١٢٨) (أ) بن بەندا باعیسا شەریف دەبی بێتە راگرتن ئەڤ بەندە هەمی بێتە راگرتن ژبەر هەمی بەحسی دیموکراسیدا دکەین بەحسێ مافی مرۆڤی دکەین بەحسێ یەکسانی دکەین بەرامبەری یاسا بۆ هەمی مرۆڤەکی ونەخاسمە بە یەکسانیا ژن و زەلاما چی وەختێ ژنێک دێتە کوشتن دێیەتە ژێر پەردا (غسل العار) دێ سالێکە دێتە حوکم کرن لگەڵ وەقفی تەنفیز ئەگەر عەینی زەلامێ بچن زەلامێ بکوژن دەچێتە ژێر پەردا ئینتیقامێ پازدە ساڵە دێتە حوکم کرن تەبعەن ئەمە هیچ یەکسانیەکی تێدا نییە، خالا دی تر وەکو ئەز تەئکید دکەم بۆ باعیس شریف هەمی بێتە لادان ئەو فەقەرەیە چونکە ئەڤێ حەقیقەت بەدیلێکی تر دەبینین بۆ حکومەتێ بۆ سولتە یانی ئەمێ تەشجیعا بڤێ بەندا مە تەشجیعی توندو تیژی دکەین یانی برای شولا بهەندییە کو برایەکی وی یا بابێژین برایەک ئی چی ترباکی ڤەدخۆت ئان تەعامولە ترباکێ دکات برای شولەکا بچیت برای خۆ بکوژێت ئان بابێ شول دەبێت بچێ کورێ خۆ بکوژێت ئەوە سولتەیەکا هەیێ مەفروزە تەسلیمی سولتەی بکات و تەسلیمی محاکمی بکات وئیجرائاتی قانونی بێتە وەرگرتن، مەدەوێ لەڤێ دەرکێ تەشجیعا ئەگەر ئەڤ باعیس شریفە بمێنێت هەمی

تەشجیعا توند وتیژی دکەین کە توندی تیژی ببینیٚ ئەمی بەدیلێکی بۆ سوڵتەی دبینین فە دیتنا من ڕاکردنا باعیس شریف ئەڤێ فەقەرە زۆر زۆر لەجێی خۆی دایە، خالا تر کەلتوری میللەتی مە وەکی کەلتوری هەمی میللەتا لایەنی گەشی تێدا هەی و لایەنی طاری تێداهەی، ئەکید پێویستە وەک هەوڵ بدەین لایەتێ گەش بە قوەت بێخین و لایەێت طاری نەهێلین و هێدی هێدی وای لێ بکەین نەهێلین، دیتنا من هەبوونا ڤێ و (لازال) هەندێت عادات و نەریتێت کەتینە ناڤ میللەتێ مەدا و (لازال) بێت مای دیتنا مە ئەڤێ قانونێ یێت پاراستن ونەهێلا پێشکەڤتنا خۆیا دروستە هی یا تەبیعی ببینیت چونکە ئەڤێ قانونی یا محافظە کری ژن بەژن بجوک بە مەزنی ئان دانا شویا ژنکی بێ ئیرادەی وی ئەمە هەمی هەتا کچەکی دایا شو لەوانەیە لەفلانکێدا عقودێ لەگەڵ ئیتیفاقی کری مابەینی خۆدا ئەڤە هەمی ئەسبابێت ئیجتیماعی و عادات و تەقالیدێت خراپێ وەکو ماینا لە ناڤ موجتەمعێت مە وەکی پاراستیا دیسان دەبێ قانونیا پاراستیا فە بە دیتنا من ئەڤ خالە بێتە راگرتن یانی ئەوی ژی بن پەردا بەعثا شەریف پتر جێی خۆی گرێت و ئەز لەو باوەڕەدام دی پتر موجتەمەعی مە و کۆمەڵگەها مە پێشکەویت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عبدالعزیز، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە لە پرۆژەدا هەربێت (باعث شریف) (لایعتبر ارتکاب الجریمة لباعث شریف عذراً قانونیا ًمخففاً) چونکە (غسل العار) نە موصطەلەحێکی قانونییە لەوانەیە لە تەطبیقاتی قەزائی هاتووە بەڵام مادام (باعث شریف) صیغەیەکی قانونییە چۆن محاکم پاشی روونی بکاتەوە ئەوە تابعی محاکمی موختەصە، دوو مەعلومە و ئاشکرایە کە کوشتنا هەر ئینسانێکی چ ئافرەت بێت یان مێر بێت تاوان و گوناحێکی زۆر مەزنە وبەتایبەتی ئەگەر موتەعەمید بت وئەوە نە شەریعەتی ئیسلامی و نەقانونی هیچ رێ نەدایە هەر کەسێکی کە خۆ بکاتە قازی یان حاکم بریارا بدات یا هەروەسا خۆ بکاتە پۆلیس تەنفیزا قەرارێت کوشتنێ بدات لەسەر هەر هۆیەک بێت و ئەنجامێت ڤێ کە ئینسانێک حەقی بەخۆ بدات بریارێت کوشتنی هەر کەسێکی بدات چی سەبەب بێت بەراستی ئەنجامێکی زۆر خەتەرناکە لەسەر کۆمەڵگە وخێزانا مە و نەتائیجێت خراپ بێت بەتایبەتی لە پشتی کوردستانێ پشتی سەرهەڵدانا پیرۆز کو زۆر پێشکەڤتن هەموو لایەکی بەخۆدا دیتی ئازادی و دیموکراتی داو مافی مرۆڤی دا و هەتا دوماهیێ کە بووە نمونەکی گەش لە کوردستاندا و کوردستان بووە نمونەکی گەش لە رۆژهەڵاتا ناوەراست مەعلومە کە ئافرەت نیوەکا کۆمەڵگەیە لە هەمی عالەمی کوردستانی و هەروا پێشکەڤتنا ئافرەتێ پێشکەفتنا کۆمەڵگایە و ژ نابێ حالەتەکی هەر جیهەتێک چ صلاحیەتا بداتە خو و دەرەوەی

قانونێ و مەحکەمەو هەروەسا شەریعەتێ و بەراستی بۆ وی روودانا ناشرین جهە گەلەک ئەگەرێت هەی ئەگەر صەح کەین ئەگەرێت وێ زۆرن جەنابی کاک عبدالعزیز ئیشارەتی هەندێکی دا ئەوە کیماسیا وەعی و رۆشنبیرا قانونی وکۆمەلایەتی و قانونی دوو زواج یان بەزۆر بێ رەزامەندی سێ مەسەلە بەدەل یا ئاشکرایە هەندە حالەتەدا وەهەروەها مەهەر کردنا بچوکێت بچوک نە بالغ بوون چوار نەختی گران بەراستی نەختی گران و ئەو هەموو زێرو مەصاریف و تەکالیف ناو موجتەمعێت مە هەی ئەو دی دێلین بۆ ماددەی دوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فاضل رؤوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دەمەوێ لەسەر مەشروعەکە قسە بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددە یەک بەو صیغەیەی کە خوێنرایەوە. سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبینینی من دیاردەی «غسل العار»وەک ئالیشەکا سەرەکی پێشێل کردنا و تپا سەر کردنا مافی ئافرەت زۆر زەحمەت و ئالۆز نییە، چونکە ئەم دیاردە زۆر لە مێژەوە نییە کەوا لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا پەیدا بووە، بە رامانێکی تر ئەم دیاردە لەناو چڤاکی کوردیدا رەسەنی نییە، چونکە ئەگەر بێتوو چەند دێرێکی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن لە مێژووی کوردیدا بخوێنین بۆمان دیار دەکەوێت کەوا لە کاتی دواکەوتن و تەخەلوفدا و هەژاری باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشابوو لەو کاتەدا ئافرەتی کورد ئازادییەکی بەرفراوانی پێ درابوو و، بەڵگەش زۆرە وەکو یەکەم قسەکانی جەنابی سەرۆک وەزیران کە فەرمووی زۆر لە کورد ناسان و موستەشرقین گەواهی ئەوەیان داوە کە گەلی کورد زۆر رێز لە ئافرەتیان دەگرن و ژن و پیاو بەیەکەوە لە گۆرەپانی کاردا دەبینرێت، دووەم ژنی کورد هەردەم سەنەدێکی بەهێز بوو بۆ پیاو و خێزانی خۆی لەکاتێکدا ئەو هەموو کارەساتانەی کە بەسەر میللەتی کورددا هاتوون و، ئەمە فاکتەرێکی بەهێزە کە پیاو رێز و تەقدیری ئافرەتی کورد دەگرێت، سێیەم د.علی وردی وەکو زانایەکی کۆمەلایەتی عێراقی، بەڵام بە بۆچوونی من لێکۆڵینەوەکانی ئەم بەڕێزە تەنها لەسەر تاکی عەرەبی عێراقی دەکرا و، لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی کە تەماشا دەکەین زۆر بە کەمی ناوی کوردی هێناوە، لە کتابی «دراسة في المجتمع العراقي» دەڵێت: (يجب ان لا ننسى في هذا الصدد أن العراق هو البلد الذي أستفحلت فيه عادة غسل العار الى درجة يندر ان يكون لها نظير في بلد آخر)، زۆر بە تەواوی

پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەم و ئەو «غسل العار»ە لە پاش ساڵی ١٩٢٠وە هاتووەتە عێراقەوە و پاش ئەوەی کوردستان بەسترا بە عێراقەوە ئەو دیاردە هاتووەتە کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێت بدرستی تاما زووردارییا دزانت ئەوەی بئاگرێ ڤی تاوانی هاتییە سووتن و ببە قوربانی، ئەم وەکو شەرەف هەی و چەکێ پێشمەرگاتیا هەلگرتی دژی زولم و زۆرداریبە چ ژن و چ مێر لەنێڤ بزاڤەکا ئازادیخوازا گەلی کورد و لەنێڤ پارتەکا شورشگێر کە ئەندام و کادرێت وێ بینە خودان دروشمێ کو تەعدا لکەسەکی قەبیل ناکەن و تەعەدا لەکەسەکیش ناکەن و، جێیا خوو لە پێش وان دەبینن یل پشتیڤانی و پارێزگەری لەمافی ژنکێ دکەن ب هەمی رێکێڤە، هەروەسا هێڤیخوازین کوو تەشریعا ڤی یاسایەت هەنێ کو لڤێرە ئەندامێت ئەنجومەنا وەزیران هەمی ئامادەنە وهەمیش پشتیڤانێت ئەڤەنە ب لەز بێتە جێبەجێ کردن، چونکە دەرکەهـ گرتنە لە نەخوشییەکا چڤاکی کە گەلێ کورد تووش بووی، هەرچەندە رێژەکی کێیمە، بەلام دەبێت ئێمە چارەسەری بکەین و، هیڤیا مە ئەوەیە کوو زوو بێتە چارەسەرکرن و چڤاکا مە بێتە پاراستنێ و ببێتە دەرگەهەکا مەزنتر کو ئەگەر هاتوو کێماسییەکا ل مافێ ژنکێ هەبێت ئەویش بێتە پڕ کرن کە ئەڤروکە ئەم ل کوردستانێ سەربەرزین دبینین ژنا کورد ل گەل زەلامێت کورد شول دکەت چ پەرلەمانتار بێت چ وەزیر بێت چ شوولەکی تر بێت و، ئەم هێڤیخوازین کو چ کێماسییەکیش هەبێت بێتە پڕ کرن و، ژنا کورد وەکی زەلاما کورد مافی سروشتی خویا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شفیقە فقێ عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی وەکو ئافرەتی کورد سوپاس و پێزانینی خۆم وەکو ئافرەتێکی پەرلەمان و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت، ئافرەتێکی کورد لە کوردستاندا ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە روانگەی خۆیانەوە هەوڵیان دا بۆ شیی کردنەوە و شیتەڵ کردنی ئەو دیاردە ناشرینەی کە بە دەستکرد هاتووەتە ناو کوردستانەوە، چونکە ئێمە هەمووتان دەزانین و بەوەش سەربەرزین کە ئافرەتی کورد خاوەن خوو و رەوشتێکی بەرزە و بەوە ناسراوە و، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردە نامۆ و ناپەسەندە هاتووەتە ناو کوردستانەوە کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک هەندێ جار دەست درێژی دەکرێتە سەر ئافرەتێکی بێ تاوان و ژیانی لێ دەسێنرێتەوە کە ئەوە لە

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا نەفرەتی لێ کراوە و بکوژان لە ئاکامی کارەکەیان بەرەو دۆزەخ دەڕۆن، ئەوانەی کەوا هەڵدەستن بە کوشتنی ئافرەت بە ناوی «غسل العار»ەوە خودی ئەنجام دانی کارەکە و بوختان هەڵبەستن بۆ ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا بە یەکێک لە گوناهە گەورەکان دەژمێردرێت، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا زۆر کەمە، ئەگەر بێت و ئێمە بەراوردی بکەین لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، لێرەوە داواکاری خۆمان پێشکەش دەکەین، یەکەم: ئەو کەسانەی کەوا بەم کارە هەڵدەستن بدرێن بە دادگا و حوکمی ئەو کەسانەیان بەسەردا بسەپێنرێ کە بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنرێت کە دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵکانێکی بێ تاوان، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیروزدا گرنگی داوە بە ئافرەت و بەهشتی خستووەتە ژێر پێی دایکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا محمود فەرمووو.

**بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

ژبەری هەمییێ لە ئایەتا قورئانیا پیرۆز هاتییە: (بسم الله الرحمن الرحیم: ربنا لا تضیق قلوبنا بعد ان هدیتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب. صدق الله العظیم)، بێگومان ئەڤ تاوانە تاوانێکی زۆر مەزنە و خودێ تەعالا (جل جلاله) ماف نەدایەتە هیچ کەسەکی ئاشکرا بکەت تەنها لە حالەتا ئیباحیەت دا نەبێت، مامۆستایان ئامازەیان پێ کرد کو ئەگەر سێ کەس شاهەدی بدەن و چوار کەس نەبن و بەچاڤێ خو نەبینن، شاهەدیا وان چێ نابێت ئەو سزا ل سەر وان بێتە چەسپاندن، یا ئیقرار، یا ئیباحیەت، چونکە ئەڤ فاحیشا هەنێ رفاندنا مالێیە، رفاندنا میللەتە، بۆیە خودێ تعالا هەێندە محافزا ل سەر کرییە، کوشتن دوو شاهێد پێ دڤێن، بەلام ل ڤی تاوانێ دا ئەگەر سێ شاهێد دەستێ خوو ل سەر قورئانێ دانن و بێژن ئەم ب چاڤێ خوو ڤی تاوانێ دیتییە شاهێدییا وان قەبیل نابێت، ژ بەر ڤێ پێتڤێت و چێ نابێت چ مروڤەکی بتنێ حەقی بدێتە خوو ڤێ تاوانێ بدەت ئیسبات کرن و سزاشی ل سەر جهبجێ بکەتن، هەتا ئەگەر هەر چوار شاهێدشی شاهێدی بدن سزادا نە کارەکی فەردییە و نە مافی زەلام،یا باب، یا کوڕ و برا، ئەم دڤێت ل ڤێرێدا مە ئیشارەتەکا بدەینێ و مافەکی سروشتییەو ئەڤ «غسل العار»دل ئیسلامێدا نیینە، بەلی لەم چاخێدا ئەم تێدا دژین کوو ئازادییەکا بێ سنوور ل ناڤ موجتەمەعا مەدا دەسپێ کری دبیت مە ئاگاه خوە هەبیت، چەوا مە ڤی یاسایە دەرێ خستی ل پەرلەمانێ کوردستانێدا، وەساش پێتڤییە یاسایەکی تایبەتمەند بێتە دەرێخستن و پیتە پێکردن ل پاراستنا ئەخلاق و فەرهەنگا ڤێ میلەتێ دا، ل ڤێرێ مەسئولیەتا ئەول دەکەڤێتە سەر شانێ رێبەرێ کورد مسعود بارزانی، دەستی وێ راستی نێچیرڤان بارزانی، چونکە وان مەسئولن ل ڤی میللەتێ، ش خینا وی و ش ئەخلاقا وی و ش دینێ وی ش تەربیەتا وی ش فەرهەنگا وی و ش

هەمی تشتێت وی پرسش وان بێتە کرن، گەلەک جار مە گوتییە و ئەم دبێژینەڤە جهێت داخ و برینایە کو ئیعلامێکا بێ مستەوا، چونکە پەیامنێرێن وا ئەمێت بێن ل کولانا دگەرین، ئەرێ خوشکێت دروستە کور هەتا سەعات ئێک و دووی شەڤا لە کولانا بگەرێت، بووچی کچک نەگەرێت، ئەرێ تووخودێ ب ڤی شکلێ ئازادی بدرێتە کچ و ژنێ، نزانێت ئەگەر کچ هەتا سەعات دووی شەڤێ ما مەعنای خراپ کرنا مالەکییا، ئەو مالە ئەو کچکە کەڤانییا مالێیە، بوویە پێتڤیە و جارێکا دی دەنگێ خوو دەدەین و هاوارا خوێ دەگەینین وان، چونکە براستی وان جێ ئومیدا میللەتێ کوردن و ئەو بەرپرسن ژ میللەتێ کورد، هەر کێماهییەکا پەیدا ببێتن ئەو بەرپرسن، خودێ پشتیوانیا مە هەمی بیت بۆ سەرکەفتنا میللەت و دینێ خو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئافرەت ب درێژای یا دیرۆکێ تووشی گەلەک دژواری و گڤاشتنا بوویە لناڤ خێزانی و چڤاکی دا هەتا گەهشتییە تیرۆر کرنێ، کوشتنا ئافرەتێ بناڤێ «غسل العار» دیاردەکا چڤاکی کەڤنە پتر پەیوەندی ب «عادات و تقالید»ڤە هەیە ولدەڤ مللەتێن دەوروبەرێ مەدا پەیدا بوویە نەخاسمە ێن کچ ب ساڤا دەچاندن، ئاینێ پیرۆزی ئیسلامی ئەڤە بنبڕ کر و هەرچی زولم و زۆری هەبییە لسەر ئافرەتێ نەهێلا و مافێن وێ هاتنە دیارکرن و پاراستن ژ بەری رێککەڤتنێن ئەڤرۆێن نێڤ دەولەتی بناڤێ پاراستنا مافێ مرۆڤی، چەندین ئایەتێن قورئانا پیرۆز وفەرموودێن پێغەمبەری«د.خ»ئیشارەتێ هەندێ دەن کە هیچ جوداییەک نینە ناڤبەرا زەلامێ و ئافرەتێ دا دەمێ گونەهەکێ بکەن وەکی ل قورئانا پیرۆزیا هاتییە:(الزاني و الزانية فاجلدوا كل واحد منهما مئة جلدة)، دیسانە ل فەرموودا پێغەمبەرێت دبێژێتن:(السارق و السارقة)واتا سزای وان ئێکە، دجڤاکێ مەیێ کوردەواری دا ئەڤ دیاردە هەر نەبوویە ژبەر کو ئافرەتا کورد هەردەم پاقژ و دلسۆز و وەفادارا زەلامێ و خێزانێ بییە، ئەگەر بەدەگمەن هەبێت ئەڤەژی پاشمایێت رژێمێ بوویە، وەختێ هەوڵ ددا بنگەهێن خراپی ل گوند و بازێرا دانێت، کوشتنا ئافرەتێ تاوانێکە نە شریعەت دگەلە و نەچڤاکێ ئەڤرو وقوناغا پێشکەڤتنا جیهانێ ئەم تێدا دژین، ژبەرکو ئافرەت و زەلام بەرامبەر یاسا وەک ئێکن، دڤیا سزای ئەنجامدەرێن ڤێ گونەهێ یەکسان بن و چدی بناڤێ نامیسێ ئافرەت نەهێتە تیرورکرن، ئەگەر ئافرەت نامیسا زەلامێ بێت، زەلام ژی وەسا نامیسا ئافرەتێیە و، دڤێت هەردوولا ئێک و دوو بپارێزن، دڤیا ئەڤرو ئەم بسەر بلندی و سەرفرازی هەمی دژوارییێت ئافرەتێ بێنە بنبڕ کرن ل ڤی یاسایەدا و، مافێ ئافرەتیش بێتە پاراستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک أنور شکور فەرموو.

**بەڕێز أنور شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە لەجێی خۆیەتی و بەباشترین پرۆژەی دەزانم بۆ دەستەبەر کردن و پاریزگاری کردن و چەسپاندنی مافی تاکی کۆمەڵەکەمان، بەڵام تەنها پێشنیارم ئەوەیە وشەی «غسل العار»وا بە زەقی لە پرۆژەکەدا نەیەت، بەڵکو بە شێوازێکی تر بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کچو/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای سزاکاندا لە ماددەی «٢٠»دا تاوانەکانی دیاری کردووە لە دزی و ئیختیلاس ویەکێکیش لەوانە تاوانەکانی «مخل بالشرف»، دووەم بنەمایەکی یاسایی کە دادەنرێت بنەمایەکی گشتییە و مجرد و گشتگیریشە، واتە هەر کەسێک بۆی هەیە بێت و داوا تۆمار بکات کاتێ کە تەعەدای لێ دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەو ئافرەتە دوو گیان کەوت وبێتە پێش دادگا، دادوەر ئەو کاتە ناتوانێ بڵێت تۆ تاوانێکی کۆمەلایەتیت ئەنجام داوە و داواکەت بەڕێوە نابەم، بەڵکو دادوەر مولزەمە کەوا ژیانی ئەو کەسە بپارێزێت و ئیجرائاتیش دژی باب و برا و کەس وکاری ئەو بکات ئەگەر دژی ئافرەتەکە راوەستن، واتە لە سوودی ژنەکەیە و دەیپارێزێت، لە ماددەی «٤١٧»ی یاسای سزاکاندا باسی لەبارچوونی منداڵ «الاجهاض» دەکات، لەبارچوون لە یاسادا قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێک بەشێوەیەکی ناشەرعی دووگیان کەوت و لەباریخۆی چواند ئەوە بۆی دەبێتە «ظرف مخفف»، ئەویش لەبەر ئەوەی شەرمەزاری خۆی پێ بشارێتەوە، سەبارەت بە وشەی «الباعث الشریف» راستە ئێمە دەزانین ئەمە وشەیەکی مطاطییە و لە زۆر شوێندا هاتووە، بەڵام ئەگەر تەماشای ناوەرۆکەکەی بکەین ئەبینین ئەوە تەنازولە لە دەوڵەتەوە بەرامبەر بە مافی خۆی و مافی خۆی بەجێ ناهێنێ و، پشت بە هەندێ هاوولاتی دەبەستێ بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن، پاشان ئێمە کە دەڵێین «غسل العار» نەمێنێت، ئەوەی خاوەن شەرەف بێت گوێ نادات بەم یاسایە، چونکە لە کوردەواریدا لەسەر شەرەف هەموو شتێک دەکرێت، وشەی «غسل العار» لێرەدا ئێمە پێمان باشە کەوا «الباعث الشریف» نەبێت، چونکە وشەی «غسل العار» ئێمە نەچووینەتە ماددە «١٣٢» زەرفی قەزائی، ئایا دادوەر دەتوانێ بەکاری بهێنێ، یاخود نە؟، دەبێت چارەسەری ئەم خاڵە بکرێت، «غسل العار» کاتێ کە دێتە دادگا دەتوانێ ئەو وشە بکار بێنێت و ،زەرفی قەزائیش ببێتە زەرفێکی قەزائی، بۆ نموونە ئەگەر ئیعدام

بێت بکرێتە «١٥» ساڵ، جا ئێمە هیواداریین کەوا ئەم وشەیە هەر نەمێنێت «يمنع المحاكم من استخدام كلمة غسل العار كعذر و كظرف قضائي والاستعانة بالمسميات الاخلاقية الاخرى»، جا چ وشەی «هتک العرض» بێت، یاخود «مخالف للاداب» بەکار بهێنرێت لە شوێن ئەو وشەیە، چونکە ناتوانرێت بە دادوەر بوترێت ظرف قضائی بەکار مەهێنە، بەڵکو وتووتە مەیکە عوزر، نەت وتووە مەیکە زەرف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی علی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجامی تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیەدا لە ماوەی ئەم دوو هەفتەی رابردوودا لە ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ زانا ئیسلامییەکاندا و تەلەفزیۆن و رێکخراوەکانی ئافرەتان وئێستاش لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بۆمان رۆشن بووەتەوە کەوا ئێمە هەموو لایەکمان کۆکین لەسەر ئەوەی کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دزێوو هەیە کە ئەو دیاردەیە چارەسەرییەکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو چارەسەرییەش ئەوەیە کە لە رووی یاساییەوە بەشێوەیەک چارەسەر بکرێت کە خزمەت کردن بکات بە کەمکردنەوە، یا ئەو دیاردە دزێوە بنبڕ بکات، بێگومان ئەو دیاردەیە کە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە جارجار پیاوانیش دەگرێتەوە ئەگەر کەمیش بێت، وەکو روون بوەتەوە کە لە شەریعەتیشدا پشتگیری لێ ناکرێت و هەروەها لە یاسای عێراقیشدا بەو شێوە نەهاتووە کەوا راستەوخۆ ئەو مانایە بگەیەنێ، بەڵام لە دادگاکاندا بەشێوەیەکی گشتی بە «غسل العار» ناوزەد کراوە و بەو شێوەیە تەفسیر دەکرێت، ئێستا ئێمە لێرەدا دانیشتووین کەوا دەزگایەکی یاسادانانە پێویستە لێرە بەرەچاوکردنی هەموو رووەکانی تر لایەنە یاساییەکە رەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی دارشتنی یاساکە کە دەرئەچێت بەشێوەیەک بێت کە لە دادگاکاندا بتوانرێت بە رێکوپێکی جێبەجێ بکرێت و تەفسیری جیا جیا هەڵنەگرێت، ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە دەقی یاساکە دەبێت «جامع و مانع» بێت، بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بگاتە حوکمێکی کۆتایی لەو بارەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بتوانرایە شێوازێک بدۆزرایەتەوە وشەی «غسل العار» هەڵگیرایە باشتر بوو، بەڵام دەزانم لە ئەنجامی ئەم تاوتوێ کردن و لێتوێژینەوەیەدا کە لیژنەی یاسایی پێی هەستان لەگەڵ دادگای تمیزدا نەگەیشتن بە دەستەواژەیەکی تەواو، هەتاوەکو من بەش بەحاڵی خۆم هەوڵمدا بگەمە دەستەواژەیەک کە ئەنجامە یاساییەکە جێبەجێ بکات، بەڵام بەراستی شتێکی ئاسان نەبووە و نابێت، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆریش حەساسییەتمان نەبێت بەرامبەر بەو دەستەواژەیە، چونکە ئەو دەستەواژەیە کە ئێستا بریارێکی بۆ دەرئەکەین واتە ئەوە ئیدانە کردنی ئەو دیاردەیەیە، ئەبێت ئەوە لە پێش چاو بگرین،

لەولاشەوە دادگا بە ئاسانی ئەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات و هیچ جۆرە تەفسیرێک هەڵناگرێت، جا ئیتر پێویست ناکات ناوی ئافرەت بێتە پێشەوە، چونکە ئەو جۆرە تاوانە دەکرێت راستە بەزۆر دژ بە ئافرەت دەکرێت، بەلاّم جار جار دژ بە پیاویش دەکرێت، با کەمیش بێت بەلاّم یاسا هەر دەبێت حیسابی بۆ بکات، منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا چارەسەرییەکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر نەکراوە کەوا دارشتنێکی وای بۆ دابنرێت، بەلاّم ئەگەر ئەوەش بەشێوەیەکی لێ بکەن کەوا چارەسەری ئەم دیاردەیەی پێ بکرێت، ئێمەش دەبێت ئەوە لەپێش چاو بگرین کەوا ئەم یاسایە یاسای سزاکانی عێراقییە، ئێمەش ناتوانین زۆر دەسکاری بکەین، ئێمە تەنها دەتوانین بڕیارێکی بۆ دەرکەین، ئەگینا ئێمە حەقمان چییە بەسەر ئەوی تریەوە، وابزانم هەندێ رایش هەیە کەوا یاسای سزاکان ئەوەندە هەمواركردن هەڵنەگرێت، بەلاّم بە بڕیارێکی پەرلەمان دەتوانرێت ئەو دەقە یاساییەی کە لە ماددەی «١٢٨»دا هاتووە بە شێوەیەکی لێ بکرێت کەوا لە دادگاکاندا پشتیوانی و ئاسانکاری بۆ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا بۆ ماوەی «١٠» چرکە پشوودەدەین تاوەکو هەندێ تاوتوێی بکەین.

پاش پشوودان.........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەست دەکەینەوە بە دانیشتنەکەمان، لەم دانیشتنەمانەدا هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ناونووس کرابوون قسەیان کرد و، ماددەکە بەشێوەیەکی تێروتەسەل گفتوگۆی لەسەر کرا، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش گفتوگۆ کرا گەیشتین بە رایەکی موەحەد، کاکەرەش فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە گفتوگۆکان دەرکەوت کەوا هەموو لایەک رایان لەگەڵ ئەم یاسایەدایە، تەنها ئەوە نەبێت چەند رایەک لەگەڵ ئەوە بوون کەوا وشەی «بواعث شریفە»ی تیادا نەبێت، ئەوانی تریش لەگەڵ ئەوە بوون کەوا وشەی «غسل العار» هەڵگیرێت، ئەمەش تەنها لەسەر دارشتنەوەی یاساکە بوو و، کەس لاری لەسەر دەقی یاساکە نەبوو، پاش ئەوەی رای بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیرانیشمان وەرگرت گەیشتین بە رایەکی موەحەد، ئێستا دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی پێش چاوی بەڕێزانی بخەین و بیخەینە دەنگدانەوە،

المادة الاولى:

لا يعتبر إرتكاب الجريمة بحق المرأة بذريعة بواعث شريفة عذراً قانونياً مخففاً لاغراض تطبيق أحكام المواد «١٢٨ و ١٣٠ و ١٣١» من قانون العقوبات رقم «١١١» لسنة ١٩٦٩ المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئەو داڕشتنەیە کە لەسەری ڕێککەوتووین، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کەوا پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە... سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟ کەواتە بەگشتی دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووەمدایە با دەستی بەرز کاتەوە... سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟، بەگشتی دەنگ ماددەی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی سێیەم هەیە؟، نییە؟، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە...سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا، دێینە سەر ماددە چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشرة في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی چوارەم هەیە؟، نییە؟، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە...سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا یاساکە بەگشتی دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە یاساکە بەگشتی پەسەند دەکات دەستی بەرز کاتەوە... سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟ هەموو یاساکە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران فەرموو.